ژان - ماری مۆلەر

# مانای ناتوندوتیژی

بەشی دووەمو کۆتایی

وەرگێڕانی: سەنتەری مەسەللە

((لەسەر ئاستی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیو سیاسییەکان))

پەیوەندییە کۆمەڵایەتیو سیاسییەکان درێژکراوەی پەیوەندییە کەسێتییەکان نیە وەک هەندێک لە رۆحانییەتەکان پڕوپاگەندەی بۆ دەکەن، چونکە پەیوەندییە مرۆییەکان لەم بوارەدا- دروستبوونیان گرێدراوە بە بونیادی کۆمەڵایەتیو سیاسییەوە- ئەگەر نەڵێین تەنانەت بە خودێ ئەو بونیادە دروست دەبێ. ئەو پەیوەندییانە دەچنە خانەی تەرازووی هێزەکانو بەرژەوەندی جۆراوجۆری تێدەکەوێتو، بەنیازی پاکی نێوانیان ناسەلمێندرێت. تەنها تێکۆشان دەتوانێت تەرازووی هێزەکان بگۆڕێت بەشێوەیەک کە دان بە مافی خەڵکی بەشمەینەت بندرێتو، رێزی لەو مافانەیان بگیرێت، بەڵام لەسەر ئاستەکانی کۆمەڵایەتیو سیاسی ناکرێت پەیوەندییەکانی خەڵک لەسەر بنەمای خۆشەویستی تاکەکان بۆئەوی دیکە بونیاد بنرێت، بەڵکو لەسەر بنەمای ((دادوەری)) بونیادی کۆمەڵایەتیو سیاسی. کایەی سیاسی قەوارەیەکی تایبەتی خۆی هەیەو پێ لەسەر خۆشەویستی کورت مەودا دانانێت، بەڵکو رێزگرتنێکی درێژخایەن. بۆیە ئەو پەیوەندییەی کە لەنێوان تاکەکانی یەک کۆمەڵگادا هەیە هەمان ئەو پەیوەندییە نیە کە لە نێو تاخمێکی دیاریکراودا هەیە. یاساکانی ژیانی کۆمەڵایەتیو سیاسی ناکرێت دەقاودەق کۆپییەکی بنەماکانی ژیان بن لە نێو گرووپێکی دیاریکراودا. بۆیە ناتوندوتیژی لەوێدا راناوەستێت کە گرفتەکان بخاتەڕوو لەگەڵ رێگەچارەیەک کە سەرچاوەکەی پەیوەندی نێوان خودی تاکەکان بێت بەتەنها، بەڵکو هەوڵدەدات بۆ چارەکردنی ئەو گرفتە سیاسیو کۆمەڵایەتییانەی کە ناخرێتە روو رێگەی چارەی گونجاویش بۆ دەبینێتەوە لە رێگەی بونیادەوە.

زۆربەی کات (تێکۆشەرانی ناتوندوتیژی) لە دیدگایەکی رۆحییەوە بڕوا دەهێننو بانگهێشتی ئارامییەکی رۆحی دەکەن لە تاکەکان بێئەوەی گرنگی بە پێویستی هاندانی شۆڕشی سیاسی بدەن، ئەوەش بەهۆی ئەوەوە کە پێیان وایە شۆڕش بریتییە لە دەرەنجامی کۆمەڵێک ئاڵوگۆڕ لەنێوان تاکەکان. چەمکێک هاوشێوە بۆ ناتوندوتیژی بۆی هەیە ببێتە هۆی ئیدانەکردنی مێژوو بەپاساوی توندوتیژی. هەروەها دەمانگەیەنێتە خۆبورین لە زەحمەتی ژیانی رۆژانە، لەکاتێکدا مەبەست لە ناتوندوتیژی (ئامادەیی مرۆڤە لە دڵی رووداویی مێژوویی بۆ نیشاندانی کاریگەری ئامرازەکانی کاری ناتوندوتیژی).

((حەتمیەتی ململانێی چینایەتی))

لەبەرئەوەی گروپەکان جۆرێک لە یەکێتی لەنێوانیاندا هەیە، بۆیە دەبێت کۆمەڵگا لەسەر بنەمای فرەیی دابمەزرێت، بۆیە کێبڕکێو ململانێ پێویستن- بەتایبەتی ململانێی چینایەتی. لەپێناوی چەسپاندنی کۆڵەگەکانی دادپەروەری کۆمەڵایەتیو سیاسی. بەڵام نێوەندە رۆحانییەکان – بەتایبەتی مەسیحیەکان – بەردەوام شەرعیەتی ململانێی چینایەتی رەتدەکەنەوەو، بەردەوام ئەوە دەخەنەڕوو کە ئاینەکەیان بانگەشە بۆ ململانێ ناکات، بەڵکو بۆ بڵاوکردنەوەی خۆشەویستی لەنێوان چینەکان، وەک ئەوەی بڵێی دەکرێت خۆشەویستی لەنێوان قوربانیانی ستەمو بەرپرسانی ئەو ستەمە تۆوبکرێت.

لەم سۆنگەوە هەندێک بانگهێشتمان گوێ لێدەبێت لەپێناوی ناتوندوتیژییەک کە جێگەی گوێپێدان نیە، چونکە ئەو کاتەی هەندێک تێکۆشەر لەپێناوی مافەکانیان بانگهێشتی رێپێوانو خۆپیشاندان دەکەن لە شەقامەکاندا، هەندێک نیازپاکو، هەندێک لەو نێوەندانەی کە خاوەن بیرو سەدان دەیانەوێت وانە بەو تێکۆشەرانە بڵێن لەبارەی ((ناتوندوتیژی))یەوە. ئەمەش واتە مەترسی ئەوە هەیە کە چینە باڵادەستەکان دەستبگرن بەسەر گوتاری ناتوندوتیژی لەپێناوی بەرژەوەندی خۆیان. بێگومان لێرەوە دەبێ هەڵوەستە لە

ناتوندوتیژی بکرێت لەو رووەی کە کێ پەیوەندی راستەوخۆی بە تێکۆشان هەیە لەپێناوی دادپەروەریو هەموو لێکەوتەکانی، چونکە هەیە لە ناتوندوتیژی دەترسێت لە ترسی ئەوەی بیانگەیەنێتە دۆخی چەقبەستوو. لێرەدا دەبێ هەقیقەت بخەینەڕوو کە لە راستیدا ناتوندوتیژی دوور لە هەموو ئالۆزییەکو زۆر بە روونی بریتییە لە بانگهێشتکردن بۆ ئامادەکردنو رێکخستنو رووبەڕووبوونەوە.

((مەبەستو ئامرازەکان))

ئەگەر ئێمە دانماننا بە پێویستی ململانێو رووبەڕووبوونەوەو تێکۆشان، ئەوە ئێمە پەیوەستین بە رووبەڕووبوونەوەی ئەو ئامرازانەی کە پێویستە بەکاریانبهێنین بۆ بردنەوەی ئەو دۆزەی کە بۆی تێدەکۆشین.

جێی ئاماژەیە کە پرسی ئامرازەکان دەمێکی دوورو درێژ بوو پشتگوێ خرابوو لەپێناوی ئامانجو مەبەستەکانی کارەکە. ئەوەش بەهۆی ئەو رستەیەی کە دەڵێت ((مەبەست پاساوی ئامراز دەدات))، واتە مەبەست لە توانایدایە پاساوی بەکارهێنانی هەر ئامرازێک بدات کە بەکارهاتووە، ئەمەش بەتەواوی لەبواری سیاسەتدا پەیڕەو کراوە. بۆیە بەردەوام لە پاساودانی مەبەست لا دەدرا بۆ پاساودانی ئامرازەکان.

پرسی هەڵبژاردنی ئامرازەکان پرسێکە جێی باسە لە ئاستی ئەخلاقیاتی کارو، لەهەمانکاتیشدا لە ئاستی کارایی ئەو کارەدا. ئەگەر کاری سیاسی لە خزمەتی مرۆڤدا بێتو بۆ رێکخستنی کۆمەڵگاو دادپەروەریو ئازادی بێت، ئەگەر رەوشت بۆ رێزگرتن بێت لە مرۆڤ، ئەوە دەبێت رەوشتو ئاکار رایان هەبێت لە کاری سیاسیداو رەنگدانەوەی هەبێت لە ئامانجو ئامرازەکانی کە پەنای بۆ دەبردرێت. لێرەدا نابێت بە دیلی رێگەچارەیەک بمێنینەوە کە جێگرەوەمان نیە، ئەوەش بەراوردکردنی نێوان ئامرازی ئاکاریی ناکاراو، ئامرازی نائاکارییو کارایە. لێرەدا پێویستە کە جەخت لەوە بکەینەوە کە ناکرێت هیچ چالاکییەک بکەین بەبێ هەبوونی پێویستییە ئاکارییەکان.

یەکێک لە گرنگترین بنەماکانی ناتوندوتیژی بریتییە لە جەختکردنەوە کە ئەگەر هەڵبژاردنی ئامرازەکان لە ریزی دووەم دێن لەپاش مەبەستو ئامانج، بەڵام بە رەهایی ئەو هەڵبژاردنە لاوەکی نابێت، بەڵکو پێویستییە کە لەپێناوی وەدیهێنانی ئەو مەبەستە بەشێوەیەکی یەکجارەکی. لێرەدا گاندی دەڵێت((مەبەستو ئامانج لە خودی ئامرازەکەدایە وەک چۆن دار لە تۆوەکەیدایە)).

بۆیە پێویستە هەوڵبدەین لە ئێستاوە کە لە ئامرازی گونجاو بگەڕێین لەگەڵ مەبەستو ئامانجدا. بۆ نموونە ئەگەر ئامانج تێکۆشان بێت بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگایەکی دادپەروەرو ئاشتیخواز، دەبێت پەنا ببرێتە بەر ئامرازی دادپەروەرانەو ئاشتیخوازانە. ئەوەش بەتەنها پێویستییەکی ئاکاریی نیە، بەڵکو پێویستییەکە بۆ کارایی کارەکە، چونکە لە شیکردنەوەی رووداوەکاندا بەشێوەیەکی ماددیی بۆمان رووندەبێتەوە کە لادانی ئامرازەکان بەهۆی بەکارهێنانی توندوتیژییەوە لە دەرەنجامدا دەبێتە هۆی لادان لە مەبەستو ئامانجە خوازراوەکان. بەکارهێنانی توندوتیژی لە تێکۆشانی دژ بە بارودۆخی توندوتیژ بێگومان دۆخێکی توندوتیژی نوێی لێدەکەوێتەوە، بەمەش پەنابردنە بەر توندوتیژی خیانەتێکە لەو بەهایانەی کە بنەمای دەستپێکردنی شەڕەکەبوون، واتە بەهاکانی ئاشتیو دادپەروەریی. بۆ پشتگیریی ئەم بۆچوونەمان دوو نموونەی مێژوویی جیاواز دەخەینەڕوو؛ ئەو کاتەی کە ئامرازەکان تووشی لادان بوو، بینرا کە نموونەی مەسیحییەت گۆڕا بۆ دادگاکانی پشکنین، هەروەها گۆڕانی سۆسیالیزم بۆ ستالینیزم.

((بەڕێوەبردنی خود، ژینگەو ناتوندوتیژیی))

پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە نابێت گرنگی ستراتیژی ئامرازەکان ببێتە هۆی شاردنەوەی گرنگی مەبەست. لێرەوە دەبێت کاری ناتوندوتیژی بخرێتە خزمەتی پڕۆژەیەکی سیاسی کە ئامانجی یەکەمی چەسپاندنی دادپەروەریی‌و ئازادی بێت.

لەم بارودۆخەی ئێستا کە تیایدا دەژین پێویستە دۆخی توندوتیژیی‌و ئەو جۆرانەی کە کۆمەڵگاکانمان بەرهەمی دەهێنێت‌و پارێزگاری لێدەکات شیبکەینەوە. لەبەرئەوەی کە لە توانای ناتوندوتیژییدا نیە لە ئاستی شیکردنەوەدا تیشکی تایبەتی بخاتە سەر دۆخەکە. لێرەشەوە لە توانادا نابیت کە توانستی جیاوازمان پێبدات. لەم بوارەشدا جیاوازی نیە لەنێوان ئەوانەی بانگەشە بۆ توندوتیژی دەکەن لەگەڵ ئەوانەی بانگەشە بۆ ناتوندوتیژیی دەکەن، چونکە تێکۆشەرانی ناتوندوتیژی ناتوانن جگە لە بونیادنانی شیکردنەوەی ئەوانەی کە کۆمەڵگای سەرمایەداری رەتدەکەنەوە هیچی دیکە بونیاد بنێن، بەوەی کۆمەڵگای سەرمایەداری؛ کۆمەڵگای ستەم‌و توندوتیژییەو، بەهەموو ریگەکان مرۆڤ نامۆ دەکات.

لەچوارچێوەی سنووری لۆژیکی ئەم شیکردنەوەیەدا ئێمە لە خۆڕا رادەکێشرێین بۆ بڕواهێنان بەپڕۆژەی سیاسی سۆسیالیزم لە بەڕێوەبردنی خودی کە هەموو مرۆڤێک، پیاوو ئافرەت، مافی چارەنووسی خۆی هەیە. لێرەدا دەبێ ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە پرۆسەی بەڕێوەبردنی خود ناکرێت گونجاو بێت لەگەڵ خۆیدا ئەگەر پێداویستییەکانی ژینگەی جێبەجێنەکرد.

لێرەوە خۆبەڕێوەبردنی خودیی‌و ژینگەو ناتوندوتیژیی دەبنە ئەو سێ کۆڵەگەیەی ئەو پڕۆژە ستراتیژو سیاسەتەی کە لە توانایدایە ژیان لە رەگ‌وڕیشەوە بگۆڕێت.

((پرەنسیپی ناهاوکاریکردن))

پرەنسیپی سەرەکی ستراتیژی کاری ناتوندوتیژیی بریتییە لە پرەنسیپی ناهاوکاریکردن‌و بەشدارینەکردن، ئەم پرەنسیپەش لەسەر ئەم بنەمایە دروست بووە:-

هێزی ستەمی کۆمەڵایەتییەکانە لەوێوە سەرچاوە دەگرێت کە زۆرینەی هاوڵاتیان بێدەنگن بەرامبەر ئەو ستەمانە. ئەمەش واتە هەموو گفتوگۆیەک لەبارەی توندوتیژیی‌و ناتوندوتیژیی هەڵە دەبێت ئەگەر لەو گریمانەوە دەستمان پێکرد کە توندوتیژیی مەیل‌و خواستی راستەقینەو یەکەممانە لە رووبەڕووبوونەوەی ستەم، ئێمە کە ئەوە دەڵێین فێڵ لە خۆمان‌و لەیەکدیی دەکەین لە یەک کاتدا. لە راستییدا دەبێت بوێریی ئەوەمان هەبێت کە دان بەوەدا بنێین کە ئێمە لە رووبەڕووبوونەوەی ستەمدا ئازایەتی ئەوەمان نیە کە رێگەی توندوتیژیی لە رووی ستەم ئەنجام بدەین، چونکە لە راستیدا مەیلی راستەقینەمان لە رووی ستەم هاوکاریکردن‌و لێگەڕانێتی بۆئەوەی چ دەکات بیکات. بەتایبەتی ئەم هاوکاریکردنە لەگەڵ ستەم بۆی هەیە بەرژەوەندییە تایبەتییەکانمان – بپارێزێت-و ئاسایشی کەسێتی‌و خۆشگوزەرانیمان بۆ بەرقەرار بکات.

لێرەوە ستراتیژی کاری ناتوندوتیژی دەیەوێت هاریکاریکردنی زۆرینەی بێدەنگ‌و خۆبەدەستەوەداو بشکێنێت لە رێگەی رێکخستنی کاری ناهاوکاریکردن لەگەڵ یاساو دەستوورو بونیادو جۆرو سیستەم‌و تیۆرو مەزهەب‌و ئەو وڵاتانەی کە ستەمی تێدایەو پارێزگاریی لێدەکریت، بە ئامانجی پەکخستنی ئەو دەزگایانەو لە کار خستنی. لێرەوە کاری ناتوندوتیژیی هەوڵدەدات کە کانی دەسەڵاتی نەیار وشک بکات، بەبێبەشکردنی لەو یارمەتی‌و هاوکارییەی کە پێویستێتی بۆ بەردەوامبوونی کۆنترۆڵکردنی خەڵک.

((سیمای راستەقینەی گاندی))

ناهاوکاریکردن ئەو ستراتیژە بوو کە گاندی هەڵیبژاردبوو. لە سەرەتادا ناوی گاندی ناسراوە لای هەمووان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە گاندی باش ناناسین، چونکە گاندی وا لە رێگەی هەندێک وێنەوە خراوەتەڕوو کە

بە جلێکی نیمچە رووت لەسەر زەوی دانیشتووەو خەریکی کاری رستنە. ئێمەش لەو وێنانە دەترسینو دەڵێین ئەم دکتۆرەی لە رۆژهەڵاتەوە هاتووە شتێکی پێ نیە کە فێرمان بکات بۆ چارەکردنی گرفتە هاوچەرخو سەردەمییەکانمان. لەم بارەیەشەوە لەوانەیە بە قەناعەتەوە ئەو وتەیەی (چەرچەل) بهێنینەوە کە گاڵتە بە (گاندی) دەکاتو دەڵێت ((گاندی هیچ نەبوو جگە لە هەژارێکی نابوودو سووکی هیندی)). ئەگەر دانیشمان بەوەدانا کە بێگومان گاندی سەربەخۆیی گەلەکەی وەرگرتووە لە ئیمپراتۆریەتی بەریتانی، ئەوە ئەو سەربەخۆییە دەگەڕێنێتەوە بۆ لایەنی ئینگلیز، وەک ئەوەی ئەو بەڕێزانە ئامادەییان تێدا بوو بێت بۆ کەمکردنەوەی هێزو توانای ئیمپراتۆریەتە داگیرکارییەکەیان بەجێهێشتنی هیندستان لە خۆڕا. وەک ئەوەی بڵێی پیرۆزی گاندی ئەوەندە بەلایانەوە گرنگ بووبێت تاوەکو مەرجەکانی پەسند بکەن.

لەولاشەوە جارێکی دیکە ئێمە بەهەڵەدا چووین ئەگەر پێمان وابێت کە گەلی هیندی لە سروشتی خۆیدا ناتوندوتیژە، ئەم دیدگایەش بەتەواوی پێچەوانەی راستییە، چونکە گەلی هیند وەک هەر گەلێکی دیکەو بگرە زیاتریش بەدەستی توندوتیژییەوە دەناڵێنێت. لێرەوە گەلی هیند ئامادە نەبوو بۆ بەهاناچوونی ناتوندوتیژی وەکم ئەوەی کە گاندی دەیویست، ئەو ناتوندوتیژییەی کە بەجۆرێک نامۆبوو لە خوڕەوشتە ئایینییەکانی هیند، چونکە ناتوندوتیژیی گاندی بریتی نەبوو لە ئەندێشەیەکی ناوەخۆیی دوور لە ململانێکانی جیهان، بەڵکو (ناتوندوتیژی)یەکەی بریتی بوو لە کاری سیاسی لەنێو ئەو ململانێیانەدا.

بەڵام کە گاندی هیندستانی رزگارکرد لەژێر چنگی دەسەڵاتی بەریتانی. ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ دانانی جۆرێک لە ستراتیژەکە جێگەی جێبەجێکردن بوو، ناچارکردنی ئینگلیز کە (بەڕێزەوە هیند بەجێبهێڵن). بۆیە ناسینی ئەم ستراتیژە خزمەتێکی گەورە پێشکەش بە تێکۆشانی ئێمە دەکات. ((ئەوەی پێویستە کە خەڵک درکی پێبکات — وەک ئەوەی سیزار شافیز سەرکردەی ناتوندوتیژیی کرێکارانی کشتوکاڵی ئەمریکا جەختی لێدەکاتەوە - ئەوەیە گاندی بەچاوپۆشین لەوەی کە قەشەیە (قەشە نەک خاوەندار) پلاندانەرێکی مەزن بوو دەیزانی چۆن پلانی ستراتیژی دادەنێت، کە ئەزموونەکەی دەخوێنمەوە لەبەر ئەم مەبەستە. من بەدوای دیمەنەکاندا دەگەڕێم بۆئەوەی ئەو ستراتیژە ببینمەوە کە پەیڕەوی کردووە، ئەو ستراتیژەش دەرفەت دەدات بە تێکۆشەری ناتوندوتیژی کە کارا بێت لە زۆربەی کاتەکاندا)).

ئەم ستراتیژە بەتایبەتی لەسەر پرەنسیپی ناهاوکاریکردن داڕێژراوە، لەم بارەیەوە گاندی دەڵێت ((ئەگەر لە توانای چەند هەزار ئینگلیزێکدا بێت کە دەسەڵاتیان بسەپێنن بەسەر چەند ملیۆنێک هیندیدا، ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ هاوکاریکردنی ئیرادەییانەوە خۆبەدەستەوەدانی هیندییەکان. تفەنگی بەریتانییەکان بەرپرس نیە لە کۆیلایەتیمان بەقەد بەرپرسیاریێتی هاوکاریکردنی خۆبەخشانەمان بۆ ئینگلیز)). بۆیە گاندی چەندین هەڵمەتی ناهاوکاریکردنی لەگەڵ ڕێبازی داگیرکاریو چەندین خۆپیشاندانی دژ بە رژێمی بەریتانی رێکخستو، بایکۆتی ئەو سیستەمەی کرد کە ئینگلیزەکان سەپاندبوویان بەسەر خەڵکی هیندستاندا.

بەم شێوەیە لە کۆتاییدا دەسەڵاتی داگیرکاری بەریتانی نەیتوانی پارێزگاری لە هەژموونی بکات بەسەر هیندستاندا چونکە هاوکاریکردنی هیندییەکانی لە دەستدا بوو کە مانەوەی پێویست بوو بۆ بەردەوامبوونی ئەو هەژموونەی. لەم لۆژیکەشەوە هیچ رێگەیەک نەمابوو لەبەردەمیاندا جگە لە سەلماندنی سەربەخۆیی هیند، هەرچەند دەیانویست وایپیشاندەن کە ئەو سەربەخۆییە دیاریی ئەوانە بۆ هیندییەکان!

((دەستپێشخەری لە قسەکردن لە گۆڕەپانە گشتییەکاندا))

لە تواناماندایە هەوڵی دیاریکردنی قۆناغە جۆراوجۆرەکانی کاری ناتوندوتیژی بدەین بێئەوەی پڕوپاگەندە بۆئەوە بکەین کە ئەوانە بۆ هەموو کاتو شوێنێک دەگونجێت. بۆیە دەبێت ئامانجێکی دیاریکراوو روونو ئاشکرا

هەڵبژێرینو، لە تواناشدایە لە شیکردنەوەی وردی ئەو ستەمەوە دەست پێبکەین کە رووبەڕوومان دەبێتەوە، چونکە هەڵبژاردنی ئامانجێک کە وەدیهێنانی مەحاڵ بێت لەوانەیە هەمیشە تووشی شکستمان بکات.

یەکەمین کارێک کە دەبێت بکرێت دەستپێشخەرییە لە قسەکردن لە ستەمو لکەدارکردنی، چونکە ئەگەر هەنگاوی یەکەم لە بورینو هاوکاریکردن لە ستەم لە خۆبێدەنگ کردن بێتو قسە نەکردن بێت لەو ستەمە، ئەوە یەکەم کاری ناهاوکاریکردن بەشکاندنی ئەو بێدەنگییەو گوتاردان بۆ خەڵک لە گۆڕەپانو شەقامەکاندا، دەستپێبکات. بۆی هەیە کە دەستپێشخەری لە قسەکردن ((هەر دەستپێشخەرییەک بۆ قسەکردن جۆرێکە لە وەرگرتنی دەسەڵات)) بەچەندین شێوە خۆی بنوێنێت وەک لێدوانی رۆژنامەوانی، یاداشتو بڵاوکردنەوەو پۆستەرو لافیتەو ئاڵاو گوتنەوەی دروشم لە خۆپیشاندانە میللییەکان، یان وەک دەڵێن وابکەین ((دیوار بە قسە بکەوێت)).

تەنانەت لەم قۆناغە سەرەتاییەی جوڵەی ناتوندوتیژییدا بۆی هەیە مەترسی خزان بۆ توندوتیژی رووبدات، چونکە لە توانای وشەدایە کە ناشرینو نارێکو توندوتیژی بێت ئەگەر لە شێوەی تۆمەتو جنێو دژ بە بەرامبەر بەکارهێنا. هەڵسوکەوتێکی لەم شێوەیە هەڵەیەکی تاکتیکییە کە تا ئاستێکی زۆر زیان بە بزاوتی ناتوندوتیژیی دەگەیەنێت.

بۆیە ئەوانەی کە لە شەقامەکاندا تێدەکۆشن ئەوە دەکەوێتە ئەستۆیان کە بێدەنگو دوو دڵەکان رازی بکەن کە دۆزەکەیان رەوایە. پێویستە هەر بزووتنەوەیەکی نەیار هەموو تواناکانی بخاتە کارو بۆ دۆزینەوەی باشترین ((پەیوەندی گشتی)) لەگەڵ زۆرینەی بێدەنگ. رای گشتیش وەکو ئەوەی کە دەروونناسی کۆمەڵناسی راستییەکەی سەلماندووە زۆرتر دەکەوێتە ژێر کاریگەری گوتاری ناتوندوتیژییەوە، نەک هاواری توندوتیژی خودی خۆپیشاندەران.

ئاخاوتنی هێمن پێویستییەکی گرنگی ناتوندوتیژییە، لەهەمان کاتیشدا وازهێنانمان لە سوکایەتیکردن بە بەرامبەر هیچ کاتێک بەمانای دەستهەڵگرتن نایەت لە ئامانجەکانمان. ماوەیەکی زۆر دوور نیە چەندین خۆپیشاندان دژ بە شەڕ رووبەڕووی وەزیری بەرگری (فەڕەنسی) بووەوە بەم دروشمانە:

((دۆبریەی گلاو، گەل پێستەکەت دادەماڵێت))، لێرەدا دەبێت بپرسین گەل چ پێویستییەکی بە پێستی دۆبریە هەیە؟ لە راستییدا ئەوە دروشم نیە، بەڵام جوتیارانی ((لارزاک)) هۆکاری خۆیان هەیە لە پەلاماردانی (میشال دۆبریە)و ئەم دروشمەیان هەڵبژاردووە:

((بەخۆشی بێت یان بەزۆر، دۆبریە 'لارزاک' دەپارێزین)). ئەگەر ویستمان هەڵوێستمان باشتر وایە بەشێوەیەکی گشتی پەنا ببەینە بەر قسەی نەستەقو خۆش، چونکە بێگومان زۆر باشترە لە سوکایەتیکردنو توندوتیژیی. چونکە لە عەبەسییەتی بەرامبەر دەمانپارێزێتو، چەند پەیوەستبین بە گاڵتە ئامێزیی توانای هەڵگیرسانی شەڕمان کەمتر دەبێت، بۆیە رۆحی خۆشیو گاڵتە دەرفەتی ئەوەمان دەداتێ کە لە پێگەی هێزدابین لە بەرەنگاریکردنی بەرامبەر، بەتایبەتی ئەوانەی کە لە دەسەڵاتدان زۆربەی کات رۆحی گاڵتە ئامێزیی لە دەستدەدەن.

((لە رووبەڕووبوونەوەی پۆلیسدا))

مەترسییەکی دیکەی توندوتیژی رووبەڕووی خۆپیشاندانی میللی رێکخراو دەبێتەوە کاتێک کە دەبێت خۆپیشاندەران رووبەڕووی هێزەکانی رژێم ببنەوە لە شەقامدا. ئەو کاتە خۆپیشاندانەکە دەبێتە رووبەڕووبوونەوەیەکی توندوتیژانەو بۆی هەیە کەسانی بەکرێگیراویش لەنێو خۆپیشاندەراندا بڵاوە پێبکرێت. ئەو توندوتیژییەش کە لە خۆپیشاندانەکە روودەدات بۆی هەیە لە دیدی رای گشتییەوە ببێتە هۆی لە دەستدانی

متمانە بە خۆپیشاندەران و رەوایەتی داواکانیان. ئەزموونەکانی بزاوتی ناتوندوتیژی سەلماندوویەتی کە هەڵسوکەوتی پیاوانی پۆلیس جیاواز دەبێت ئەگەر هەستیان کرد کە بەردبارانو شوشە ئاگر باران ناکرێن، بەڵام ئەمە مانای وانیە کە گەرەنتی خۆپیشاندانێکی ناتوندوتیژیی بکەینو پۆلیس بەزۆرو توندوتیژیی نایەوێت سەرکوتی بکات، بەڵکو دەتوانین بڵێین ئەو مەترسییانەی کە رووبەرووی خۆپیشاندانێکی ناتوندوتیژ دەبێتەوە کەمزیانترە لەوەی توندوتیژ بێتو، لەم حاڵەتەشدا دەبێت دەسەڵاتی گشتی بەرپرسیارێتی توندوتیژی شەقام بگرێتە ئەستۆ.

لە ئایاری ساڵی 1968 ئەو دەمەی قوتابیان لە خۆپیشاندنداندان بوون دروشمی (C.R.S-S.S)یان دەگوتەوە، C.R.S پیاوانی پۆلیسی فەرەنسا، S.S پیاوانی گۆستابۆی ئەڵمانی، واتە قوتابیان پۆلیسی فەرەنسا یان بە پیاوانی گوستابۆی ئەڵمانی دەچواند، بەڵام با بپرسین لە خۆمان جیاوازی چییە لەوەی مرۆڤ پیاوی پۆلیس C.R.S بێت یان قوتابی بێت، جیاوازییەکە ئەوەیە کە قوتابی ناچار نەبووە یان نەکراوە کە پیاوی پۆلیس بێت، بەڵام پیاوە پۆلیسەکە نەیتوانیوە قوتابی بێت. بۆیە نەدەبوو قوتابیان بەرد وەشێن بن بۆ سەر پۆلیسەکان، بەرد وەشێن بە واتا راستەقینەو مەجازییەکەی.

لە بەرامبەردا دەبینین کە ناتوندوتیژی بۆ ئەوەمان دەبات کە هەموو جۆرە جیاوازییەک بەرامبەر پۆلیس رەتبکەینەوە، ئەمەش تەنها رێگەیە بۆ ریسواکردنی دەستدرێژییەکانی پۆلیس بەهێزو متمانەیەکی زیاترەوە. دەستدرێژیی‌و زیادەرۆیی کاتێک سنوورێکی دیاریکراو دەبەزێنێت، وەکو زیادەرۆیی نامێنێتەوە، بەڵکو دەبێتە سیمای رژێمێکی دیاریکراو، بۆیە دەبێت ئەو رژێمە ریسواو ئیدانە بکرێت، چونکە ناکرێت دەزگایەکی تەندروست زیادەرۆیی‌و دەستدرێژی ئەنجام بدات.

((مانگرتن))

زۆرجار خۆپیشاندانێکی ناتوندوتیژ بەس نیە لە شەقامدا بۆ بەدەستهێنانی دۆزێک بەتایبەتی ئەگەر ئامرازەکانی بڕواهێنان بە بەرامبەر تەواو نەبوو، لەو کاتانەدا پێویستە پەنا ببرێتە بەر ئامرازی فشار بەری دیکە بۆ زاڵبوون بەسەریدا، لەو ئامرازانەش مانگرتن وەک نموونەیەکی کاری ناتوندوتیژی. چونکە خاوەن ئامرازەکانی بەرهەمهێنان ناتوانن بەبێ هاوکاریکردنی کرێکاران سامانو دەسەڵاتیان بپارێزن. بۆیە ئەگەر کرێکاران بڕیاریاندا هێچ چالاکییەک ئەنجام نەدەن، بەم شێوەیە فشار دەخەنە سەر کارگەو دەزگاکان بۆ جێبەجێکردنی داواکانیان.

ئێمە ناڵێین هەموو خۆپیشاندانەکانی کرێکاران لە خانەی ناتوندوتیژیدان، بەو پێیەی کە زۆرێک لە خۆپیشاندانەکان لە کەشی توندوتیژیدا بوون. ئەو توندوتیژیەش تەنها لە چوارچێوەی گوتارو ئاخاوتندا نەبوو، بەڵام ئەم توندوتیژییە دەرەنجامی خودی مانگرتنەکە نیەو، بۆمان هەیە بپرسین ئاخۆ ئەم چالاکییە چی زیاد کرد؟ لە راستیدا زۆربەی مانگرتنەکانی ئێستای فەرەنسا ناتوندوتیژن ((زۆربەی مانگرتنەکانی هەموو دونیاش هەر ناتوندوتیژن)).

((بایکۆتکردن))

مەبەستمان لە بایکۆتکردن رێکخستنی هەڵمەتی ناهاوکاریکردنە لەنێوان بەکاربەرو بەرهەمهێندا، چ لەپێناوی ناچارکردنی بەرهەمهێنەران کە داخوازییەکانی کرێکاران کە بۆ مافەکانیان تێدەکۆشن جێبەجێبکات، یان ناچارکردنیان بۆ باشترکردنی جۆری بەرهەمەکانیان. لە هەردوو حاڵەتەکەدا من ناهێڵم کە بەرهەمهێنەر سوود لە تواناکانی کڕینی من وەربگرێت، لەم حاڵەتەدا من دەبمە دەسەڵاتێکی فیعلی‌و رووبەرووی دەسەڵاتی بەرهەمهێنەر دەبمەوە.

لەبەرئەوەی کۆمەڵگاکانمان بە کۆمەڵگای بەکاربەر دەژمێردرێن بۆیە بەدەگمەن پەنا دەبەن بەر بایکۆتکردن هەرچەندە کە هەندێک لە رێکخراوەکانی تایبەت بە بەکاربەران سەرکەوتنی ئەم رێگەیان تاقیکردۆتەوە. ئەگەرچی لە فەرەنسا دروشمی بایکۆتکردنی بەرهەمە کشتوکاڵییە هاتووەکان لە باشووری ئەفریکا بەتایبەتی پرتەقاڵ بەرزکراوەتەوە، بەڵام ئەم بایکۆتکردنە بەشێوەیەکی ئەوتۆ رێکنەخرابوو تاوەکو ئامانجەکانی وەدی بهێنێت.

هەروەها لە ئەمریکا مارتن لۆثەر کینگ هەڵمەتێکی بایکۆتکردنی دەستپێکردبوو لەپێناوی نەهێشتنی رەگەزپەرستی لە کۆگا گەورەکانی سپی پێستەکان. بۆ زانینیش ئەو کۆگایانە رەشپێستی دانەمەزراند هەرچەند کە زۆرینەی کڕیارەکانی رەشپێست بوون. ئەم رەگەزپەرستییەش ببووە هۆی زیاتر پەرەپێدان بە هەژاریی لە ریزی رەشپێستەکاندا. وەختێک مارتن لۆثەر بەرێککەوتن لەگەڵ بزووتنەوەکەیدا بڕیاریاندا بایکۆتی ئەو کۆگایانە بکەن ئامانجی ئەوە بوو کە هەندێک وەزیفە لەوێدا بۆ رەشەکان بەدەستبهێنێت. هەرکە دەستیان بە بایکۆتەکە کرد هیچ رەشپێستێک لەوێ شتی نەکڕی، بۆیە هەر زوو خاوەن کۆگاکان وەپیریی داواکانی مارتن لۆثەر کینگەوە چوون، تەنانەت هەفتەیەک دوو هەفتەی نەخایاند بوو ئەو بایکۆتە. لێرەدا پێویستە بپرسین ئاخۆ ئەو هۆکارانە چ بوون وایان کرد لە خاوەن کۆگاکان بڕوایان بە مافی رەشپێستەکان هێنابێت؟ یاخود بزووتنەوەکەی مارتن لۆثەر کینگ گۆرانی لە ئاکاری ئەواندا دروستکردووە؟ گریمانی نزیک لە راستی بریتییە لە مەترسی مایەپووچی ئەو کۆگایانە لە دەرەنجامی بایکۆتکردنەکەو هەر ئەوەش ناچاریانکرد تەنازول بکەن. هەموو ئەوانەش چەمکی فشار روون دەکەنەوە. هەرچەندە ئێمە باس لە (فشار) دەکەین، بەڵام بایکۆتکردن وەکو فشارێکی ناتوندوتیژیی دەمێنێتەوە